# مۆنتینیگرۆ، وانەیەك بۆ ئێستاو ئاسۆیەك بۆ داهاتوو

**ڕێکار ئەحمەد**




مۆنتینیگرۆ جاران هەرێمێکی بچووکی سەر بەیوگسلافیا بوو. یەکێتی ئەوروپا بەتووندی هەوڵی دەدا دەوڵەتێکی بچووك لەناوچەی بالکانی پڕ کێشەدا دروست نەبێ، هانی سەرکردەو پارتەکانی مۆنتینیگرۆی دەدا لەچوارچێوەی یەکێتی یوگسلافیادا بمێننەوە. سەربەخۆخوازانی ئەو هەرێمە مەرجو شەرتی خۆیان هەبوو، ساڵی 2003 مەرجی خۆیان سەپاند، یەکێتی ئەوروپا رازی بوو هەرکاتێك 50٪ ی دانیشتووان بەشداری لەریفراندۆمێکی ئازاددا بکەنو 55٪ خەڵکی هەرێمەکە دەنگ بۆ سەربەخۆیی بدەن، دەتوانن وڵاتی سەربەخۆ پێکبهێنن. ڕۆژی یەکشەممەی رابردوو، ڕێکەوتی 5/21/ 2006 لەهەرێمی مۆنتینیگرۆ کە دانیشتووانەکەی 700000 حەفت سەد هەزار کەسە، ریفراندۆمێك بەڕەچوو. 485 هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەبوو. 239 هەزار کەس بۆ سەربەخۆییو 183 هەزار کەسیش بۆ مانەوە لەچوارچێوەی یوگسلافیا دەنگیاندا. دوای هاوێرکردنی دەنگەکان، وتەبێژی پارتی دەستەڵاتدار لەبەردەم پەیامنێراندا ئاکامی هەڵبژاردنو سەربەخۆیی مۆنتینیگرۆی ڕاگەیاند. دوای ئەوەش یەکێتی ئەوروپا بەناچارییەوە دانی بەسەربەخۆییو پێکهێنانی وڵاتێکی نوێ لەبالکان نا. خافێر سۆلانا ڕێکخەری سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا ڕایگەیاند کە یەکێتی ئەوروپا ڕێز لە خواستی خەڵکی مۆنتینیگرۆ دەگرێو ئاکامەکە پەسندو سەرڕاست دەکاتەوە. بەم شێوەیە خەڵکی مۆنتینیگرۆ بە ئاواتی خۆیان گەیشتنو سەربەخۆیی خۆیان وەدەست هێنا.

بەڕێوەچوونی ریفراندۆمو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی لەناوچەی بالکان بۆ گەلی کوردستانو هێزە سەربەخۆخوازەکان گەلێك چەمکی واتادار لەخۆ دەگرێ. دەبێ بەوانەیەك بۆ سەرمەشقی کارو چالاکیەکانی ئێستا، ئاسۆی سەربەخۆیی ڕووناکتر دەکاتەوە. ئەو بۆچوونو رامانەشمان سەرڕاسات دەکاتەوە کە دەمانگوت: ئەگەر گەلێك بخوازێو بڕیار بدات هیچ هێزێك ناتوانێ لەدژیدا بوەستێتەوە، بەڵکو ناچاریش دەبن رەفتاری لەگەڵدا بکەن.

ئەگەر ئەمڕۆ هەندێ هێزو لایەنی سیاسی کوردستانی بۆ دروستکردنەوەی عێراقو هێشتنەوەی باشووری کوردستان لەچوارچێوەی عێراقدا تێدەکۆشنو هەندێ پاساوی نابەجێ دەهێننەوە، گەلی کوردستان لەزرگاریو سەربەخۆیی سارد دەکەنەوە، دەیانەوێ بەزۆرەکی باشووری کوردستان لەچوارچێوەی ئەو عێراقە بهێڵنەوە کە لەئاکامی یەکەمین جەنگی جیهانی، بەپیلانی هێزە داگیرکەرەکانو بەبێخواستی نەتەوەکانی کوردو عەرەب هەرسێ ویلایەتی موسڵو بەغدادو بەسرە بەیەکەوە لێکێنراوەو وڵاتێك بەناوی عێراق دروست کراوە.

مخابن لەرابردوودا هێزە عێراقچیەکان گوێیان لەدەنگی سەربەخۆخوازانی باشووری کوردستان نەگرتووە، ئاکامی ئەو ریفراندۆمە نا فەرمییەشیان پوکاندۆتەوە کە 98٪ خەڵك دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دابوو. بەبێ گەڕانەوە بۆ رای خەڵك، مانەوەیان لەگەڵ عێراقدا ئیمزاکرد.

پەسندکردنی ئەو دەستوورەیان گەورەکردەوە کە مافی بڕیاردانی گەلان ناسەلمێنێو یەکێتیو یەکپارچەیی خاك بەمەرجی سەروەریو دەستەڵات دەزانێ. لەریفراندۆمێکی نا ڕاستو ساختەدا تێپەڕیان کرد. بەمەش ویستیان دەرگە لەرووی سەربەخۆیی نیشتیمانێك بگرنو خەونی رزگاری لەنەتەوەیەك قەدەغە بکەن.

هەنووکە هەندێك سیاسەتمەدارو هێزی سیاسی هەن بەروەژەندی خۆیانو هێزەکانیان لەعێراقێکی یەکگرتوودا دەبیننەوە، سەربەخۆیی بەخەونی شاعیرانە دەچوێنن. پێکهێنانی کوردستانی سەربەخۆ ڕەتدەکەنەوەو بانگەشەی ئەوە دەکەن ئەگەر دەوڵەت پێکبێنین، دوژمنانی چواردەورمان پەلامارمان دەدەنو لەنێومان دەبەن. ئەوان خۆیان باش دەزانن کە ئیتر قۆناغی لەشکرکێشی سوپای بێگانەو داگیرکەران بەسەرچووە. ئەگەر کوردستانێکی سەربەخۆ پێکبێ هیچ لەوڵاتان جورئەت ناکەن لەشکرکێشی بکەنو بەرەو خاکی باشووری کوردستان بێن. ئەوان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان ناچار دەبن دانی پێبنێنو پێوەندی بازرگانیو دیبلۆماسی لەگەڵدا دروست بکەن. کوردستان وڵاتێکی هێندە دەوڵەمەندە هەموو وڵاتانی دیکە دەیانەوێ لێی نزیك ببنەوەو پێوەندی بازرگانی لەگەڵدا ببەستنو بەشێك لەو سامانەیان بەهەرزان دەستبکەوێو بازاڕەکەی کوردستانیش بۆ خۆیان پاوان بکەن.

هەندێك کەسی دیکە لەروانگەیەکی نالۆژیکیەوە سەربەخۆیی باشووری کوردستان رەت دەکەنەوەو دەڵێن: سنووری هەرێمی کوردستان دیاری ناکرێ، چونکە دانیشتووانی هەندێك شار لەنەتەوەی جۆراوجۆر پێکهاتووە. کورد بەتەنیا لەشارەکانی هەولێرو دهۆكو سلێمانیو کەرکوكو موسڵدا ناژی. لەبەشێك لەوە شارانەدا نەتەوەی دیکەش هەن، هەروەها کورد لەشارەکانی دیکەی وەك بەغدادو دیالاو تکریتیشدا دەژین، ئایا چۆن ئەوانە هاوێر دەکرێن!!. دیسانەوە ئەوە بیانۆو پاساوێکی بێ بنەمایە. سنووری باشووری کوردستان لەرووی سروشتیو پێکهاتەکەیەوە ئاشکرایە. جوگرافیزانان یەکلاییان کردۆتەوەو دەیناسن، ئەوەی لەمێژووش شارەزابێت، سنووری کوردستان لەگەڵ وڵاتی نەتەوەکانی دیکە جیادەکاتەوە. مەسەلەی خاكو نیشتەجێبوون بەیەکەوە پێناسە ناکرێن. لەزۆر شاری دیکەی وڵاتاندا ئەو دیاردەیە هەیەو کەسیش پێناسەی تازەیان بۆ دروست ناکات.

ریفراندۆمەکەی مۆنتینیگرۆ و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، خۆی لەخۆیدا هیواو ئاواتەکان لە دڵی خەڵکی تینووی ئازادیدا ڕۆشنتر دەکاتەوە، گوڕو تینێکی بەهێزیش بە لایەنە سەربەخۆخوازەکان دەبەخشێو بۆ کارو تێکۆشانی شێلگیرانەتر هانیان دەدات. دەبێ بزووتنەوەی راپرسی (ریفراندۆم) لەپێوەندی ریفراندۆمی مۆنتینیگرۆدا ئاهەنگ بگێڕێ، لەگەڵ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی مۆنتینیگرۆدا زیندوو ببێتەوەو دووبارە دەست بەکارو چالاکیەکانیان بکاتەوە.

*2006-5-22*

# کەرکوك بۆ کورد، مەسەلەی ئەم نانە بەو ڕۆنەیە!!

**سەلام شەریف خەسرۆ/ چەمچەماڵ**

گوتیەکان کە بە ڕەچەڵەك کورد بوون، لەچیاکانی (زاگرۆز)ەوە هاتوون بۆ ماوەی (100) ساڵ حوکمی عێراقییان کردووە. کەرکوك لەسەردەمی ئەواندا دروست کراوە. ئەم شارە لەرۆژی دروست بوونیەوە تا رۆژی ئەمرۆ زۆرینەی دانیشتووانەکەی کوردن، بەڵام لەگەڵ دامەزراندنی حوکمی پاشایەتی "عێراق" بەهاوکاری حکومەتی بەریتانیا، ئیدی ئەم شارە وەك، تەواوی کوردستان خۆشی بەخۆیەوە نەدیوە، هەمیشە خاڵی گومانی لەسەر دانراوە! بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیاکەی.. هەڵبەتە فس فس پاڵەوانی ئەو داستانە، ڕژێمی بەعسی فاشی بوو. کە توانی بەحوکمی ئاگرو ئاسن مەرامە گڵاوەکانی خۆی جێبەجێ بکات. بەچەندەها شێوە.

خۆشبەختانە، بۆ چەند جارێك مێژوو توانی خۆی دوبارە بکاتەوە، بەڵکو بەقازانجی گەلی کورددا بشکێتەوە. بەهاری 1991 لەگەڵ گڕی ئاگری (نەورۆز) دا ئەو شارە کەوتەوە دەستی رۆڵەکانی خۆی، بەڵام مخابن! سیاسەتی ئەوێ رۆژێ لێنەگەڕا، ئەو ماوەیە درێژە بکێشێت. ئەمریکا تیشکی سەوزی بۆ حکومەتی عێراق هەڵکرد، توانی بەهێرشێکی نابەرامبەردا بۆ ماوەیەکی کاتی دەست بەسەر کوردستان، کەرکوك دا بگرێتەوە. ئەوە بوو ساڵی 2003 قۆناغی دووەمی لەگۆڕانی ئەو رژێمە بوو. بە هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستانو هێزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا بەشەکانی دیکەی کوردستان رزگارکران، بەڵام ئەمجارە بەشێوەیەکی سنووردارو مەرجدار. چونکە رەوشەکە تەواو بەدڵی کورد نەبوو. تەنها رۆژێك نەبێت کە دەرکرێ پێی بڵێین: رۆژگاری زێرین...

لەبەر ململانێیەی حزبایەتیو بەرژوەندی تایبەتی نەماتوانی وەك پێویست ئەرکی سەرشانی خۆمان جێبەجێ بکەین. ئەگەرچی ژمارەیەك ئەفسەرو پۆلیس دامەزرانو سەرۆکی فەرمانگە حکومیەکان بەکورد پڕکرانەوە. بەشێکی زۆری ئاوارەکانیش گەڕانەوە، سەر زێدی خۆیان. ئەم کارانە جێگەی خۆشحاڵی بوون بۆ کورد. هاوکات زۆری نەخایاند، دوژمنانی گەلی کورد کەتنە پیلان گێڕان دژی دەسەڵاتی کورد لەو شارەدا.

سەرئەنجام تەقاندنەوەی مەڵبەند و لقی لێکەوتەوە. پاشان تیرۆرکردنی سەرۆکی فەرمانگەکانو ئەفسەرو کاربەدەستانی کورد لەو شارەدا کە هەردوو حکومەتی کوردی زۆر دەستەوەستان دەوەستان لەبەرامبەر ئەم کارانەدا، هەرچی هەوڵی ئەوان بووەتە لقا. بەقسەکردنەوە لەرێگای راگەیاندنەوەیە. بەڵکو بەکردەوە نیە. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەگەڵی کورد تا ئێستا نازانێ دوارۆژی ئەم شارە بەچی دەگات، بەڵام بەپێچەوانەوە کەسێکی عەرەب یان تورکمان. زۆر بەدڵنیایی لەئایندەی ئەم شارە ئاگادارە، کەچی ئێمە تا ئێستایش بەدوای سەرابدا وێڵین!!. ئەگەرچی هەندێ جار لەسیاسەتمەدارانی کورد دەبیستینو دەڵێن: (ئەمریکاو بەریتانیاو پۆل بریمەر) نەیان هێشت کەرکوك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان یان کەرکوك بەشارێکی کوردی نازانن؟ ئیدی ئێمە چاوەڕوانی کێ بین؟!

ئەوا تورکمان زاری خۆیان بۆ گەمەکە فرێداوە، دەڵێن: ئەمریکا 300000 سێ سەد هەزار کوردی هێناوەتە کەرکوك ئێمەیش 300000 سێ سەد ملیۆن تورکمانمان لەپشتە.... خۆیشمان ئەوە وەزعەکەمانە کە هەموومان دەیزانین. لەسەرو بەندی رزگارکردنی کەرکوكو ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان. لەگفتوگۆیەك لەگەڵ یەکێك لەفەرماندە ئەمریکەکاندا سازدرابوو. داوای گەڕانەوەی مەخمور کرابوو بۆ سەر پارێزگاری هەولێر، ئەویش لەوەڵامدا گوتبووی: ئێوە کەی (کۆیە)تان گەڕاندەوە سەر هەولێر ئەوا منیش مەخمورتان بۆ دەگێڕمەوە سەر هەرێمی کوردستان. هەر سەبارەت بە پرسی کەرکوك لەمەڕ گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، قسەیەکی گارق عزیز هەیە، لەکاتی وتوێژی کوردو بەغداد گوتبووی: دەتانەوێ چۆن باسی کوردبوونی کەرکوك تان بۆ بکەم. لەوەڵامدا وتی: لەوڵاتی ئیسپانیا دوو شاری گەورە هەن، بەناوەکانی "غەرناتەو قورتوبە" کە ئەو دوو شارە بەرەچەڵەك عەرەبن کەوتوونەتە سنووری ئەو وڵاتەوە، کاتێ چاوم پێیان کەوت، زۆر گریام، گوتم ئەمانە شاری وڵاتی عەرەبن، کەچی لەژێر دەستەڵاتی بێگانەدان. ئێوەش واتە کورد. کاتێ بەناو شاری (کەرکوك)دا دەڕۆن مەگەر بۆی بگرینو بڵێن ئەم شارە شاری کوردە، بۆ گەڕانەوەی بۆ باوەشی کوردستان، مەگەر هەر بڵێین ئەم نانە بەو ڕۆنە.

# ڕیپۆرتاژێك لەکەرکوکەوە

دیسانەوە دەڵێن زامی کەرکوكو کەرکوکیەکان قوڵە بەقەد قوڵاییو درێژایی تەمەنی شۆڕشە کوردیەکان. کەرکوك ئەو بووکە ڕازاوەو جوانە بوو کە ئاڵتونی ڕەشی کردبوو بەگوبەرۆکی زەماوەندو هەڵپەڕکێکانی، بەئاگری بابا گوڕگوڕ توێشووی پێشمەرگەکانی جۆش دەداو دواتر پشکۆی ناخی دەردەهێناو چاوی دوژمنانی پێ کوێر دەکرد.. ئەگەر شاری ستالینگراد ڕەمزی خۆڕاگریو مقاوەمەتی رووسیەکان بووبێ، کەرکوکیش مەشخەڵی ئازارو خەونی کوردەکان بووە، ئەگەر قودس بۆ عەرەبو فەلەستینیەکان هێمای شەرەفو کەرامەت بێ ئەوا کەرکوك دەیان ئەوندەی ئەو شارە لەلای کوردو کەرکوکیەکان پیرۆزترە. مێژووی ئەو شارە چ وەکو خاكو چ وەکو ئینتمای نەتەوەیی ئەوەندە پەیوەستو تێکەڵ بووە بەمێژووی کوردەوە تەنانەت فتوحاتی ئیسلامیش نەیتوانی وەکو پێویست کاریگەری خۆی لەسەر گۆڕینی سیماو ناوەکانی بەکاربێنێ. جوانی کەرکوك ناوبانگی هەبوو بۆیە پێیان دەوت دایکی دووبەهار، سەرکردەکانی کورد بەتایبەتی ئەوانەی سەدەی بیستەم زۆر جەختیان لەسەر پاراستنی کوردیەتو قودسیەتی ئەو شارە کردەوەو زۆریش قوربانی درا لەو پێناوەدا تەنها بۆ ئەوەی مساوەمە نەکەن لەسەر خاکی کەرکوك، هەر بۆیە خەڵکی کەرکوکیش زۆر مەردانە تێکۆشانو گڵپەی ناخیان هەمیشە کردۆتە مەشخەڵ لەپێناوی شۆڕشەکانیاندا، بەڵام داخەکەم ئەو شارە گرنگو پڕ بەهایە کە سومعەتو کەرامەتی کورد بەرامبەر بەسومعەو رەفتاری داگیرکەرو ناحەزو دوژمنان تیایدا یەکلایی دەبێتەوەو دەبێ بەمەیدانی خۆپێشاندانی هەقو ناهەق، وا خەریکە تەرازووی کورد تیایدا سوكو ریسوا دەبێو بەرەی شەڕخوازو داگیرکەرو تیرۆریستان دووبارە بێ حورمەتی خۆیان پێشان دەدەنەوە بەرامبەر بە نەتەوەی کورد لەو شارەو دەیانەوێت دیسانەوە کورد بکەنەوە ژێر چەپۆکە... دیارە ئەوەش کۆمەڵێ هۆکاری گرنگی خۆی هەیە کە لەئەنجامی خوێندنەوەی ئەم ڕیپۆرتاژو چاو پێکەوتنانەدا هەندێکمان بۆ روون دەبێتەوە..

لەکێشەی داگیرکردنو حیجزکردنی خانووی تاپۆی کوردو دواتر بەخشینی بەخەڵکی عەرەبو تاپۆکردن لەسەریان.

(شێروان) گوتی: ئێمە دانیشتووی گەڕەکی شۆڕیجەین، هەر لەمنداڵییەوە چاومان لەوێ کراوەتەوە پێش ئێمەش دایکمو باوکم هەر خەڵکی ئەو شارە بوونە. لەساڵەکانی هەشتادا کاتێ شۆڕشی نوێ گەشەی کردوو ڕژێمیان هێنایە زەل زەلە بەتایبەتی لەگەرمیانو کەرکوك، ڕژێم دەستی کرد بە گرتنی کەسوکاری پێشمەرگە، منیش برایەکم پێشمەرگەبوو لەتاواندا بارمان کرد، بۆ دەرەوەی کەرکوك. ڕژێم خانووەکەمانی حیجز کرد. دوایی بەبڕیارێك بە ماڵە عەرەبێکی جنوبی درابوو کە تەنها بۆ مەبەستی تەعریب هاتبوونە ئەو شارە. لەدوای پرۆسەی ڕزگاریو روخانی ڕژێم ئێمە گەڕاینەوە بۆکەرکوك. کەگەڕاینەوە خانووکە لەبەر کۆنی کەسی تێدا نەدەژیا و ماڵی تیانەبوو. چووینەوە ناو خانووی خۆمان بەڵام پاش ئارام بوونەوەی وەزعەکە ڕۆژێکیان پیاوێکی عەرەب هات ووتی ئەم خانووە هی منەو تاپۆم هەیە، سەرەتا وامان زانی شێتە یان گاڵتەدەکات. دوایی دەرکەوت بەڕاستییەتی و گوتی ئەگەر چۆڵی نەکەن شکات دەکەم... هەرواش بوو شکاتی کردو چووین بۆ پارێزگارو لەوێ گوتیان دەبێ بیدەیتەوە چونکە هێشتا ئەو مەسەلانە ساغ نەکراوەتەوە، منیش گوتم مەگەر لاشەکەم بەکوژراوی لەو خانووە دەرکەنو قبوڵ ناکەم لەهیچ کەسێك پێم بڵێ لەو خانووە دەرچۆ، من برایەکم پێشمەرگە بوو شەهیدکرا هێشتا ئێوە ئەمە وەفاتانە. ئینجا لەسەر ئەوانەش چەند رۆژێك زیندانی کرام. ئێستاش خانووەکەیان نەداوەتەوە پێمان هەتا تەعمیری بکەینو هەر لەناو ئەو کەلاوەیە دەژێین. گوتمان باشە راتان چییە ئێستاو چی دەڵێن بەحکومەت؟ گوتی: براکەم ئەو قسەو باسانەی کە لەکەناڵەکانەوە دەیکەین زۆری ناڕاستە. وا بڕوات کورد لەکەرکوك دەدۆڕێو سەرشۆڕمان دەکەنەوە... ئێمە دوویراو چەن خوشکێکین لەپێناو خانووەکەماندا خۆمان دادەنێین، ئێمە لەناوخۆمان رێکین وەکو بەرپرسەکان نین لە (محافچە)ی کەرکوك نیوەیان لەگەڵ نیوەکەی تر قسە ناکەن. بۆیە حاڵی کەرکوك وایە. بێزی لێدەکەیتەوە....

گوڵەباخ کەریم: بێوەژنێکە، دانیشتووی گەڕەکی بەرتەکێیە. لەفەرمانگەی کارەبای قەڵا بینیمان بۆڵە بۆڵو گلەیی دەکرد.. پرسیمان کێشەکەت چییە؟. گوتی: وەڵڵاهی براکەم پیاوەکەی من لەم دائیرەیە کارمەند بوو لەشەڕی قادسیە، عەسکەری نەکردو فیلاری کرد. چەند ساڵ خزمەتیشی هەبوو فەسڵیان کرد. ئێستا ئەوە سێ- چوار ساڵە دێم خانەنشینی بۆ دەرکەم هەر ئەم مانگو ئەو مانگ، ئەو دەستو دەستم پێدەکەن.. باشە ئەوەتا خۆتان دەزانن هەیە رەفیق حزبی بووە ئێستا ساڵەکانی بۆ حساب دەکەنو دەیخەنە سەر خزمەتەکەی. ئێ عەیب ناکەن لەخۆیان بەرامبەر بە من وادەکەن، بەخوا پیاوەکەم بەعسێتی نەکردیە، جاسووسی نەکردیەو دڵسۆزی کورد بووینە. بەس داخەکەم ئەمانە شۆڕشیان لەبەرچاومان خستو ئەو خۆشیو ئەمەلو ئاواتەی کەهەمان بوو سەریان بڕی. قەت خۆزگە بە عەرەبو بەعس ناخوازم، چونکە ئەوان دوژمن بوون شەرەفو کەرامەتمانیان شکاند، بەڵام وەڵڵاهی هەندێ خەڵك لەم کەرکوکە بوونەتە کار بەدەست لەوان خراپترن. هۆیەکەشی ئەوەیە کورد لەناوخۆی رێك نییە. ئەگینا خۆ ئێستا عەرەب لەم شارە نەماوە.

ئەکرەم کاکە رەش: دەڵی من بەتەعین مەرکەزی لەشەریکەی نەوت دانرام، بەڵام دوایی لەبەرئەوەی کورد بووین فەسڵ کراین. ئێستا لە90٪ کرێکارو کارمەندەکان عەرەبنو گاڵتەیان بەئێمە دێت. باسی گەڕانەوە دەکەین. لەیاریگاکەی شۆڕیجە دوای بەسەرکردنەوەی کۆمەڵێ ماڵە ئاوارە گشتیان گلەییو گازاندەیان هەبوو. لەشێوەی خزمەتگوزاری ئاوارەکان.

عودل محەمەد: بەم شێوەیە دواو گوتی: کاکە گیان ئێمە دەزانین کە شوێنەکەمان فەرمانگەی حکومەتەو نابێت ماڵ لەم شوێنە بێت، بەڵام ئەوان خۆیان لەئەوەڵەوە خەڵکەکەیان هاندا بێنەوە بۆ شاری کەرکوك تاکو کورد زۆر بێت، گوتیان شتی باشتان بۆدەکەین ئێمەش لێرە جێگیر بووین ئێستا دەزانن بەهۆی ئێمەو هەولودەولی کوردەوە دەنگمان هێنا هەرلامان لێ ناکەنەوە مەگەر بۆئیشی خۆیان بێت. ئێ برا مەوادیش گرانە خانوو بەئاسانی ناکرێت. ئەوانیش بێقەزابن لەبەر ململانێی حزبیو سوڵتەی خۆیان ناپڕژێنە سەر خەڵك، هەر رۆژەو بە جۆرێ سەیارەوە دەیانبینین. باشە عەیبە چۆنە؟ ئەم ناعەدالەتیە هەبێت. یەکێك لەباشترین ژیان بژێیت یەکیتر هەتا بەیانی کرمو مێشولەو مێرووله بداتە ماڵو منداڵیەوە.

محەمەد عەلی: گلەیی کرد لەپیاوێکی ئایینی دەسترۆیشتو لەدەسەڵاتی پارێزگاری کەرکوك... گوتی ئێمە کۆمەڵێك بەڵێندەر بووین کاتی خۆی لەسەر ئەو جادەیەی کە لەنەخۆشخانەی ئازادییەوە بەرەو شۆڕیجە دەڕوات هەریەکەمان بە عەقدی رەسمی لە وەزارەتی ئەوقاف ئەو زەویانەمان گرت بەکرێو کردمانە گەراجی سیکراب. ئێستا پیاوێك هاتووە دەیەوێ بەزۆر بەشێك لەگەراجەکەی من دابڕێو دەڵێ دەیکەم بەخانوو، من پاسەوانم هەیەو جێگەمان نابێتەوە، کێشەکەمان بردە شوێنی خۆی. هەقیان بەمندا، بەڵام ئەو برادەرە دەڵێ هەر بەزۆر دەیکەم... لەراستیدا ئەگەر ئەو مەلایە پشتی قایم نەبێ بەلایەنێك ناتوانێ کاری وابکات. ئێ نازانم بڕۆین بۆ لای کێ؟، خوانەکات ئەو کەسەی کێشەکەت دەچێتەلای لایەنە سیاسیەکەی لەگەڵ تۆ جیاواز بێ، ئەوا هەر دەفەوتێی. حاڵ چۆن وا دەبێت.

لەئەنجامی ئەو قسەوباسانەی کە لەسەرەوە گوێ بیستی بووین بۆمان دەردەکەوێت کە کێشەی کەرکوك زۆر لەجاران قوڵتر بۆتەوە. کاتێ پەنا دێنی بۆ هەرێمو داوای چارەسەریان لێدەکەیت دەڵێن کەرکوك سەر بەحکومەتی مەرکەزییە، بەڵام کە دەچیتە ناو شارەکەو دامودەزگاکانی جگە لەبۆنو بەرامی سیاساو بۆنی بەرامی ململانێی تەسکی حزبایەتیو بۆنی عەرەبو بەعس کاست دەکات. بۆیە ئێستا خەریکە کۆچ قلْپ دەبێتەوە، کورد دوبارە بۆ کوردستانو عەرەبی شیعەی شۆڤێنی باشووریش بەرەو کەرکوك